# گۆڕان هێزێكی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی جیاواز (موتەمەییز)ە و بگرە ئەلتەرنەتیڤێكی جددیشە بۆ دەسەڵات

**دیمانە لەگەڵ بورهان یاسین، لە لایەن پێگەی *(سبەی)*یەوە ئەنجامدراوە، ٢٠١٣/٦/٢٠**

سبەی: لە ئێستادا ژینگەی سیاسی هەرێمی كوردستان لە دۆخێكی ناتەندروست و قەیراناوی قوڵدایە، بەڕێزتان وەك چاودێر و لێكۆڵەرێكی سیاسی چۆن وێنای بارودۆخەكە دەكەن؟

د. بورهان یاسین: شاردراوە نیە كە ماوەیەكی دوور و درێژە دەسەڵاتی سیاسی وە لە گەڵ ئەویشدا تەواوی كۆمەڵگای باشوری كوردستان لە قەیرانێكی قوڵدا دەژیێ. لە لایەكی ترەوە چارەسەرنەكردنی بنەڕەتی ئەو قەیرانە لە لایەن دەسەڵاتەوە، یا راستتر بڵێین لە لایەن دوو حزبە دەسەڵاتدارەكە، قەیرانەكەی رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو ئاقاری ترسناكتر و هەڵدێری سیاسی ترسناكتر پاڵداوە. ئەوەی راستیبێت ئەمڕۆ تەواوی رەهەندەكانی سیاسەت و سیاسەتكردن لە باشوری كوردستان، جا چ رەهەندی سیستەمی سیاسی و باری ناوخۆی هەرێمی كوردستان بێت یا سیاسەتی دەرەوەی هەرێم بە تایبەتی لەگەل بەغدا، لە كۆمەڵێك كێشەی چارەسەرنەكراوی قوڵدا دەژیێ.

لە لایەكی ترەوە، ئەوەی بە تایبەتی لەم رۆژانەدا روودەدات ئەوەیە كە باسوخواسی هەڵبژاردنەكان رادەی بارگرژی و نیگەرانی و مەترسی لە سیناریۆی نەخوازراو زیاتر كردوە. هەرچەندە ئەوە جاری یەكەم نیە كە لە رۆژانی بەر لە هەڵبژاردنەكان بارگرژی و هەواوكەشی قەیراناوی دەبنە سیمای رۆژانەی سیاسەت لە باشوری كوردستان، بەڵام بە تایبەتی ئەم جارەیان چەند جیاوازیەكی هەیە لە جارانی پێشوو: ١) نەبوونی دەرفەتی یاسایی و دەستوری لەبەردەم مەسعود بارزانی كە خۆی بۆ سەرۆكایەتی هەرێم كاندید بكاتەوە؛ ٢) دوركەوتنەوەی تالەبانی لە مەشهەدی سیاسی و بڕیاری یەكێتی نیشتمانی كوردستان بە بەشداریكردن لە هەڵبژاردنەكان بە لیستی سەربەخۆ؛ ٣) ئەوەی كە زۆر گرنگە ئەوەیە كە چیتر ئەولەویاتی پارتی و یەكێتی روو لە هەڵبژاردنەكان یەكانگیر نین لەگەڵ یەكتردا وە بگرە دوو ئاراستەی جیاش دروست بوون لە نێوان ئەم دوو حزبەدا. ئەگەرێكی كراوەش ئەوەیە كە ئەم حاڵەتە ببێتە بنەمایەكی گرنگ كە دەرهاوێشتەی زۆر جیا دەرهاوێژێ، نەك هەر لە شێوازی دەنگدان بەڵكو بگرە لە بڕاردە سیاسییەكانی ئەو دوو حزبەشدا لە مەڕ هاوپەیمانییەكانی دوای هەڵبژاردنەكانیش؛ ٤) بوونی ئۆپۆزیسیۆنێكی بەهێز وە ئەگەری ئەوەی كە ئەو ئۆپۆزیسیۆنە نەك هەر لە هەڵبژاردنەكان پێگەیەكی بەهێز بۆ خۆی مسۆگەر بكات بەڵكو بگرە ئەگەری ئەوەش هەیە كە ئۆپۆزیسیۆن دەسەڵات بگرێتە دەست، واتە حكومەتی داهاتوو دامەزرێنێ. جگە لەوەش ئەوەی كە نوێیە ئەوەیە كە ئۆپۆزیسیۆن بژاردەی خۆی (واتە كاندیدی خۆی) هەبێ بۆ هەڵبژاردنەكان وە ئەو ئەگەرەی كە ئەو كاندیدە زۆر بە هێز بێ و لە هەڵبژاردنەكاندا براوەش بێت. . .

| |
|---|
| **ئەگەر هەیە كەوا ئۆپۆزیسیۆن نەك هەر لە هەڵبژاردنەكان پێگەیەكی بەهێز بۆ خۆی مسۆگەر بكات. بەڵكو بگرە ئەگەری ئەوە هەیە كە دەسەڵاتیش بگرێتە دەست.** |

لە لایەكی ترەوە ئەوەی كە قەیرانەكە قوڵتر دەكاتەوە و بە ئەگەری زۆر بارودۆخەكە بەرەو ئاقاری نەخوازراویش ببات ئەوەیە كە: ١) چیتر مۆنۆپۆلی دەسەڵات لە لایەن پارتی و یەكێتیەوە ئەو ئاسانە نیە،

ئەگەر ئەسلەن مومكنیش بێت؛ ٢) ئێستاش پارتی هەڵگری زهنیەتێكی ترسناكە ئەویش ئەوەیە كە ئەو حیزبە بە كەمتر لە دەسەڵات رازی نابێ واتە هەر شتێك دەكات بۆ پاراستنی پێگەی خۆی لە دەسەڵات جا لە سەر حسێبی هەر شتێك دەبێ با ببێ، هەتتا بگرە ئەگەر لەسەر حسێبی بەرژەوەندییە هەرە باڵاكانی خەلكی كوردستان و ئەزمونە سیاسیەكەشی بێت. پارتی بە كەمتر باڵادەستی لە دەسەڵاتدا و لە پێگەی سەرۆكایەتی هەرێم بۆ سەرۆكەكەی رازی نییە.

دەرئەنجامی ئەم شیوە بۆچوونە ئەوەیە كە پارتی لە رابردودا دودڵی نەكردوە لە دەستبردن بۆ هەندێ بژاردەی نەخوازراو، وە بگرە تەنیو بە تاوان و خیانەت، ئێستاش وە لە داهاتوشدا دودڵی ناكات. هەر ئەوەشە سەرچاوەی نیگەرانی و دودڵی و مەترسیەكانی خەڵكی كوردستان لە سیناریۆكانی رۆژانی داهاتوو. لە لایەكی ترەوە گرنگە خەڵك وە بە تایبەتی ئۆپۆزیسیۆن ئەو باوەڕە بە راشكاوی بخەنە روو كە لەگەڵ ئەو رابردوەش كە پارتی هەیەتی، چیتر ئەو حزبە ناتوانێ بە هەوەسی خۆی وە هەر كاتێك ویستی كوردستان پال بدات بۆ ئاقاری شەڕێكی تری براكوژی.

سبەی: كێشمەكێشمی دەستور بۆتە چەقی ململانێی نێوان گۆڕان و ئۆپۆزیسیۆن و یەكێتی لە لایەك وە پارتی دیمۆكراتی كوردستانیش لە لایەكی ترەوە تەنها كەوتوە. بە دیدی ئێوە سەرنجام پارتی مل بۆ رێگە رستەقینەكە، كە دەستورێكی سەردەمانەمان هەبێت دەدات، یا نەخێر سەركێشی پارتی دۆخەكە بەرەو ئاقارێكی دیكەی مەترسیداردا دەبات؟

د. بورهان یاسین: لە راستیدا مرۆڤ ناتوانێ وا بە ئاسانی و كتومت یەكێتی بخاتە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن لە مەڕ مەسەلەی دەستور و رەهەندە پەیوەندیدارەكان. ئەمڕۆ دەتوانین باس لە دوو دانە هەڵوێستی رون و ئاشكرا بكەین: یەكێكیان هی پارتییە كە هێشتان پێداگرییە لەسەر خستنە راپرسی رەشنووسی دەستور،وە ئەوی تریشیان دژەكەیەتی كە هەڵوێسی ئۆپۆزیسیۆنە لە پێداگری لەسەر هەمواركردنی رەشنووسەكە بەر لەوەی كە بخرێتە راپرسیەوە. هەڵوێستی یەكێتی لە ئێستادا دەربارەی دەستور و مەسەلە پەیوەندیدارەكان دوو خەسلەت لەخۆ دەگرێ كە یەكێكیان تا بكرێت ناڕوونی بوونە لە هەڵوێست وە ئەوی تریشیان ئەوەیە كە تا بكرێ سودوەرگرێ لە پەیوەندیە هاوتەریبەكانی، لە لایەك لەگەڵ پارتی وە لە لایەكی ترەوە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن. بە مانایەكی تر ئەمڕۆ یەكێتی زێتر سیاسەت لەسەر ناڕوونی لە هەڵوێست و گۆڕانكاری لە هەڵوێست لە ماوەیەك بۆ ماوەیەكی تر وە دوالیزم لە هەڵوێست دەكات. ئەم هەڵوێستەی یەكێتی پەیوەندی بە كۆمەڵێ فاكتەرەوە هەیە كە گرنگترینیان: ١) نەبوونی یەكهەڵوێستی لە سەركردایەتی یەكێتیدا لەبەر كۆمەڵێك هۆ كە گرنگترینیان غیابی تالەبانییە لە ماكینەی بەرهەمهێنانی بڕیار؛ ٢) هەرنەبێ لە ئێستادا، تا بكرێ، یەكێتی هەوڵی ئەوە دەدات كە ئەو هاوسەنگیە زۆر هەستیارەی نێوان هاوپەیمانی ستراتیژی لەگەڵ پارتی لە لایەك وە "رێككەوتنی" دەباشان لە لایەكی ترەوە راگرێ. ئەم هاوسەنگی راگرتنەش لەبەر كۆمەڵێك هۆیە. یەكێك لە هۆیەكان ئەوەیە كە یەكێتی هەوڵدەدات ئەو پێگەیەی كە لەدەستیداوە لە رێگای راگرتنی ئەو هاوسەنگیە (یا گەر حەز بكەیت بڵێیت یاریكردن بەو هاوسەنگیە) بەدەستی بهێنێتەوە. بە مانایەكی تر ئەو هاوسەنگیە بكات بە بنەمای بەهێزكردنی پێگەی خۆی لە رێگەی سوودوەرگرتنی سیاسی لەو راستییەی كە پارتیش و ئۆپۆزیسیۆنیش هەوڵی ئەوە دەدەن كە یەكێتی لە هەڵوێستی خۆیان نزیك بكەنەوە و لە هەنگاوە گرنگەكاندا پشتگیری ئەو حزبە بەدەست بهێنن؛ ٣) ئەم سیاسەتی هاوتەریبەی یەكێتی رۆلێكی گرنگ تر دەبینێ لە راگرتنی توكمەیی و یەكریزی لە ناوخۆی حزبدا، هەم لە ئاستی سەركردایەتی وە هەمیش لە ناو ریزەكانی كادیرە مامناوەنجی و ئەندام و لایەنگرانیدا. بە مانایەكی تر پێگەی لاوازتر و بارودۆخی ریكخراوەیی و جیاوازی لە هەڵویستەكان لە ناو ریزەكانی یەكێتیدا رێگە نادات كە ئەو حزبە وا بە ئاسانی یەكێك لەو دوو بژاردەیە (رێككەوتنی دەباشان یا هاوپەیمانی ستراتیژی) هەڵبژێرێ. نەك هەر ئەوە بەڵكو بە پێچەوانەوە یەكێتی بە ئاگاداریەوە ناخوازێ یەكێكیان هەڵبژێری و خۆی بخاتە بەرەی دژ لەگەڵ

لایەنەکەی تر؛ ئەمەش ڕێك شێوەیەکە لە کارکردن بە تیۆریەکەی ڕۆبەرت پوتمان (تیۆری دانوستاندنی دوو دانە مێز). لە ڕاستیدا ئەم تیۆرییە زۆرتر بۆ تێگەیشتنی پەیوەندیەکان و هاوسەنگیەکانی نێوان سیاسەتی ناوخۆ بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان بەکاردێت. بە پێی تێگەیشتن لە هەڵوێستی یەکێتی، لە ڕێگەی بەکاربردنی ئەم تیۆریە، لە نێوان دوو مێزی دانوستاندا یەکێتی خۆی دەبینێتەوە: لەسەر یەکێك لەو مێزانە یەکێتی لەگەڵ ئۆپۆزیسۆن دانوستاندن دەکات وە بگرە کۆکە لەگەڵی وە لەسەر مێزەکەی تر لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان دانوستاندن دەکا وە بگرە کۆکیشە لەگەڵی.

پرسیارێکی گرنگ ئەوەیە ئایا ئەم شێوە سیاسەتکردنەی یەکێتی لە نێوان ئۆپۆزیسۆن لە لایەك وە پارتی لە لایەکی تر تا کەی بەردەوام دەبێت؟ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە هەر وا ئاسان نیە و گرێدراوی کۆمەڵێك شتە کە گرنگترینیان، یەکەم هاوسەنگیە ناوخۆییەکانی یەکێتییە و دوەم شێوەی هەڵسوکەوتی گۆڕانە و ئۆپۆزیسۆن بە گشتی لەگەڵ یەکێتی و هەڵوێستەکانی و سێهەمیشیان ئەوەیە کە پارتی بە چەند وە چی ڕازی دەبێت کە بیدا بە یەکێتی بۆ ئەوەی ئەو حزبە بۆ بەرەی خۆی ڕابکێشێ. لە لایەکی ترەوە شتێك کە مرۆڤ تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانێ بە پشتراستییەوە پێشبینی بکات ئەوەیە ئەو ئەگەرەی کە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بەرەوڕوبوونەوەی هەرە چارەنووسساز لە نێوان پارتی و یەکێتی ڕوو بدات، زۆر بە تایبەتیش لەسەر مەسەلەی تەزویر؛ لەبەر ئەوەی کە چیتر شتەکان لەسەر بنچینەی ٥٠ بە ٥٠ نیە لە نێوان ئەو دوو حزبە وە لەبەر ئەوەشی کە یەکێتی بە لیستی جیاواز دادەبەزێ ئیتر یەکێتی بە ڕادەی ئیسراری ئۆپۆزیسۆن، وە بگرە زیاتریش، چاودێری چالاکیەکانی پارتی بکات لە مەسەلەی تەزویر و فرتوفێڵ لە هەڵبژاردنەکاندا. هەتتا بگرە ئەگەرێکی کراوەیە کە یەکێتی بکەوێتە شێوەیەك لە هاوکاری و لەیەکگەیشتن (با ئەمە نەڕەسمی و نەنوسراویش بێت) لەگەڵ ئۆپۆزیسۆن لەمەسەلەی ڕێگە نەدان بە پارتی کە بە شێوەیەك تەزویر بکات کە ئیتر دەرهاوێشتەکانی هەڵبژاردن بە تەواوەتی لە قازانجی خۆی و بە زیانی ئەوانی تر بشکێنێتەوە.

**ئەمڕۆ یەکێتی زێتر سیاسەت لەسەر ناڕوونی لە هەڵوێست و گۆڕانکاری لە هەڵوێست لە هاوەیەک بۆ هاوەیەکی تر وە دوالیزم لە هەڵوێست دەکات.**

سبەی: یەکێتی نیشتمانی، هەم بە هۆی هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی و هەمیش بە هۆی دوورکەوتنەوەی تالەبانی، لە دۆخێکی وڕبون و نەبوونی دیدێکی ناڕۆشندایە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ڕوداوەکان. بە بڕوای ئێوە هەڵوێستی دروست و گرنگ بۆ یەکێتی خۆی لە بەرامبەر پرسی دەستور دەبێت چۆن بێت؟

د. بورهان یاسین: لەو باوەڕەدام کە لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشتر بەشیکی زۆری وەڵامی ئەم پرسیارەی تیایە. ئەوە ماوەتەوە بڵێین کە پارادۆکس یا موفارەقە لەوەدایە کە یەکێتی لەم ڕۆژانەدا ڕێك ئەو ناڕوونییەی بۆ خۆی کردوە بە ستراتیژ: "سیاسەتی لەگەڵ هەمووان و دژی هەمووان." لە لایەکی ترەوە نامەوێ نەسیحەتی یەکێتی بکەم چی بکات باشە: وەك هەندێك لە سەرکردەکانی یەکێتی دەڵێن "حزبەکەیان سەرکردایەتیەکی هەیە کە بیر دەکاتەوە و پێویستی بەوە نیە خەڵك نەسیحەتیان بکات!" بەڵام دەکرێ شتێك بە پشتڕاستیەکی زۆرەوە بڵێین ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر یەکێتی دەخوازێ دواڕۆژی هەبێ و تەندروستبوون و توکمەیی خۆی بپارێزێ و حیزبی دواڕۆژ و دڵسۆز و چاکسازیخوازان بێ، نەك حزبی هەندێ سەرکردەی چاوچنۆك و چاوبرسی، ئەوا هیچ بژاردەیەکی تری نیە تەنها ئەوە نەبێ کە قەبوولی بەرنامەی چاکسازی ڕیشەیی بکات و ستراتیژە دواڕۆژییەکانیشی لەو چوارچێوەیدا بخەملێنێ!

سبەی: ئێستا لە کوردستان دەسەڵات پرسی هەڵبژاردنەکانی بەستۆتەوە بە پرسی دەستورەوە، لە کاتێکدا دەبوایە بەدەر لە مەسەلەی دەستور هەڵبژاردنەکان بە ئاسایی لە کاتی خۆیدا ئەنجامدرانایە، بەڕیزتان چۆن لەو سیناریۆیەی دەسەڵات دەڕوانیت؟

د. بورهان یاسین: بە باوەڕی خۆم ئەم پرسیارە، یا ئەم بابەتە، دوو ڕەهەندی گرنگی هەن یەکێکیان ترسی پارتی لەوەی کە ئەمە دوایین دەرفەتیانە بۆ تێپەڕاندنی دەستور، ئەگەر نا لە دوای هەڵبژاردنەکانی داهاتو هاوسەنگیەکان لە ناو پەرلەمان بە شێوەیەك دەگۆڕێن کە ئیتر چیتر بۆ پارتی فەراهەم نابێت کە دەستورێکی "بە دڵی خۆی" تێپەڕێنێت. ڕەهەندەکەی تر ئەوەیە کە پارتی هەموو هەوڵێکی خستۆتە گەڕ بۆ سێبارە هەڵبژاردنەوەی مەسعود بارزانی، دوای ئەوەی لە چەند هەوڵێکی پێشوویان سەرکەوتوو نەبوون کە بۆ هەمان مەبەست دایان. ئێستا وایلێهاتوە کە بە لایەن پارتییەوە ئیتر یا ئەوەتا قەبووڵکردنی هەڵبژاردنەوەی بارزانی یا ئەوەتا هەر سیناریۆ یا بژاردەیەکی تر کە یەکێك لەوانە دواخستنی هەڵبژادنی سەرۆکی هەرێمە بۆ کاتێکی نادیار. لەم بارەیەشەوە دوایین یاری کە پارتی کردی ئەوە بوو کە وەلام و تێبینییەکانی هێزە سیاسییەکان، بۆ وە لەسەر نامایەکی سەرۆکی هەرێم، لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە نێردران بۆ پەرلەمان. مەبەستێکی شاردراوەی ئەم یاریەی سەرۆکی هەرێم ئەوە بوو کە یەکێتی نزیکبکرێتەوە لە هەڵوێستی پارتی، چونکە هەڵوێستی یەکێتی میانڕەو بوو نە تەواو وەك هی ئۆپۆزیسیۆن بوو وە نەك وەکو هی پارتی وە بە ئاسانی دەکرا گۆڕانکاری بەسەردا بێت و پارتی سوودی لێوەرگرێ. لە راستیدا ئەم هەنگاوەی سەرۆکی هەرێم بووە هۆی کرانەوەیەك لەو قەیرانەی کە پارتی و سەرۆکەکەی لە سەرەتای مانگی ئەپریلەوە تێیکەوتبوون و پڕۆسەیەکیش دەستیپێکرد کە زیاتر هی کاتکوشتن و فرتوفێڵە تا هەر شتێکی تر. لەم پەیوەستەشدا پێویست نەبوو کە هەر زوو، راستەوخۆ دوای ناردنی وەڵامی هێزە سیاسییەکان بۆ پەرلەمان، ڕەنگدانەوەکان لە لایەن ئۆپۆزیسۆنەوە بەو شێوەیە پۆزەتیف بن. چونکە هەر زوو دەرکەوت کە هەر لە سەرەتاوە پێویست بوو ئۆپۆزیسۆن ئەو دەرفەتە نەدا بە دەسەڵات وە جگە لەمەش هەر زوو تۆپەکەی بخستایەتەوە یاریگەی سەرۆکی هەرێم لە رێگای داواکردن لێی کە مەبەستی خۆی لە ناردنی ئەم وەڵامانە بۆ پەرلەمان تەواو وە بێ پەناو پێچ روون و ئاشکرا بکات بەر لەوەی ئەسلەن ئۆپۆزیسیۆن قسەیەك بکات یا هەڵوەستەیەك وەرگرێ لەو بارەیەوە. ئەگەر نا ئەوەی روویدا زیاتر جۆرێك بوو لە بواری هەناسەدان و کرانەوە لەو قەیرانەی کە پارتی و سەرۆکەکەی تێیکەوتبوون. لە راستیدا هەر زوو دەرکەوت کە مەبەستێکی سەرۆکی هەرێم لەو هەنگاوە ئەوە بوو کە دەستی والابێ لە ئەنجامدانی هەندێ کاریتر وەك سەردانەکەی بۆ روسیا وە دواتر کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا، کە وەك هەر جارێکی تر سەردانێکە لە خزمەت خۆی و حزبەکەی، لە کاتێکدا کە توانی هەر نەبێ بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت پەرلەمان و مەیدانی سیاسی لە کوردستان بە پرسی گفتوگۆ لەسەر مەسەلەی دەستور لە پەرلەمان خەریك بکات دوور لە گرنگیدان بە هەندێ مەسەلەی تر. ئەوەی پێویستیشە بگوترێ ئەوەیە کە کۆی هەڵسوکەوتە دیپلۆماسییەکانی پارتی و سەرۆکی هەرێم لە ماوەی دواییدا روو لە بەغدا و ناوچە و جیهان بە یەك مەبەست دەچێتە پێش ئەویش ئەوەیە کە سەرۆکی هەرێم لە رێگەی ئەم هەنگاو و چاڵاکییانەی دەخوازێ بە ناوەخۆ و دەرەوە بڵێ کە کلیلەکانی سیاسەتکردنی هەرێم لە دەست ئەو دان و لە داهاتووشدا بەرژەوەندییەکانی ئەو لایەنانە لەوەدایە کە ئەو لەو پۆستەی ئێستایدا بمێنێتەوە وە بەبێ ئەو ئەو بەرژەوەندییانە دەکەونە مەترسییەوە!

بە هەر حاڵ لە خوێندنەوەیەکی بە پەلەی ئەوەی لە ماوەی دواییدا گوزەراوە و ئێستاش دەگوزەرێ لەسەر مەیدانی سیاسی لە کوردستان، من گومان دەکەم هەر نەبێ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی هەرێم لە کاتی

**حزبێک لە ٣١ی ئابدا بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی لەشکری سەدامی هێنابێتە سەر کەرامەتی نەتەوەیی کورد، دەبێ چەند سروشتی بێت کە هەمان حزب تەزویر و ئامرازی نادیموکراتییانەی تر بەکاربهێنێت بۆ مانەوەی خۆی لە هەمان ئەو دەسەڵاتەدا؟**

خۆیاندا بکرێن. بۆ ئەوەی ئەم شتەش روونەدات و هەڵبژاردنەکان لە کاتی خۆیاندا بکرێن هەر نەبێ دوو شت پێویستن یەکێکیان ئەوەیە کە ئۆپۆزیسۆن ئەم مەترسیە بە جددی وەرگرێ وە لە هەمووش گرنگتر ئاستەکانی سیاسەت و دیپلۆماسی بە چڕی و وردی کاری لەگەڵدا بکات وە ئەوەی تریشیان پێویستە یەکێتی خۆی نەکات بە ئامرازێکی دواخستنی هەڵبژاردنەکان. یەکێتی هەڵەیەکی کوشندە دەکات ئەگەر وا بزانێ کە تەنها زەرەرمەند لەو دواخستنە ئۆپۆزیسیۆنە بەڵام خۆی براوەیە، چونکە لە دواخستنێکی ئەوهادا ئۆپۆزیسیۆن و یەکێتیش زەرەرمەندن! دواجار ئەگەر ئەو یاریانەی کە پارتی دەیانکات بۆی بچنە سەر ئەوا بێ سێ و دوو ئەزمونی باشوری کودستان نەك هەر زەرەرمەندی یەکەم دەبێ و پاشەکشەیەکی جددی بەردەکەوێ بەڵکو بگرە ئەگەری روچوونی ئەو بەشەی کوردستان بەرەو هەڵدرێکی سیاسی مەترسیدار ئەگەرێکی کراوە دەبێ.

سبەی: تەزویرو ساختەکاری و پێشێلکاری یاسایی لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمدا بەشێکە لە سیمای دەسەڵات لە هەرێم و بە تایبەت پارتی. . . بەڕێزتان چۆن لەم رەفتارەی هەرێم دەڕوانن؟

د. بورهان یاسین: تەزویر و فرتوفێڵ لە هەڵبژاردنەکاندا لەوە دەرچووە کە روداوێك بێت گرێدراو بە یەکێك لە هەڵبژاردنەکان. ئەوەی راستی بێت هەر لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢ ئاشکرا بوو کە بە شێوەیەکی بەرفراوان تەزویر ئەنجامدراوە، زۆر بە تایبەتیش پارتی ئەنجامدەری سەرەکی ئەو تەزویرە بووە. هەر لەو کاتەوە لە هەموو هەڵبژاردنەکان تەزویر بووە بە کولتور بە تایبەت بۆ پارتی دیمۆکراتی کوردستان. ئەم کولتورە دەربڕی زۆر شتە کە گرنگترینیان باوەڕ نەبوونە بە سەرەتاییترین وە سادەترین پرەنسیپەکانی سیستەمی دیمۆکراسی کە ئەویش پرەنسیپی (یەك کەس یەك دەنگ)ە. جگە لەوەش تەزویر لە هەر تاکە دەنگێکدا خیانەتێکی سیاسی و پاشقوڵگرتنێکی خاڵی لە مۆراڵی سیاسییە کە لەوانی تر دەکرێ وە خەسلەتی هەڵبژاردن دەگۆڕێ لەوەی کێ و کام هێز دەتوانێ باشترین پرۆگرامی هەڵبژاردن پێشکەش بکات بۆ پێشبڕکێیەك کە تیایدا تەزویر و فرتوفێڵ ئامرازی بردنەوەیە و پێوەری سەرکەوتنە. لە راستیدا تەزویر لە هەڵبژاردن ناشیرینترین شێوەی پیادەکردنی پرەنسیپی ماکیاڤێللییە لەوەی کە ئامانج رەوایی دەدات بە ئامراز. لەبەر ئەوەی، لەم حاڵەتەدا گەیشتن بە دەسەڵات یا راستر وایە بڵێین مانەوە لە دەسەڵات لە حاڵەتی پارتیدا ئامانجی هەرە گرنگە، کەواتە بەکاربردنی هەر ئامرازێك رەوایە جا با ئەو ئامرازە ئەوپەڕی نادیمۆکراتییانە و پڕیش بن لە خیانەتکردن بە هێز و دەنگدەرانی تر. بە بۆچوونی خۆم ئەم جارەیان پارتی نەك هەر دەست بۆ تەزویر دەبات بەڵکو بگرە بە شێوەیەکی زۆر چڕتر وە تا ئەو رادەیەی بۆی دەچێتە سەر تەزویر دەکات. بەهانەیەکی سادەش بۆ ئەو بۆچوونە ئەوەیە کە ئەم جارە پارتی، بۆ یەکەم جار لە ماوەیەکی دوور و درێژدا، ترسی جددی هەیە لە لەدەستدانی دەسەڵات، ئەمەش لەبەر کۆمەڵێك هۆ کە گرنگترینیان بەهێزبوونی ئۆپۆزیسیۆنە و زێدە بوونی نارەزاییەکانی خەڵکە و ئەویتریشیان دابەزینی یەکێتییە بە لیستی جیاواز. هەرچەندە ئێمە لە ئێستاوە نازانین دوای هەڵبژاردن هاوپەیمانییەکان بۆ دامەزراندنی حکومەت بە چ ئاراستەیەکدا دەچن وە چۆن دەخەمڵێن، بەڵام ئەوەی کە دەکرێ لە ئێستادا بگوترێ ئەوەیە کە دەرگا بۆ هەر ئەگەرێك (خوازراو یا نەخوازراو) کراوەیە.

دواجار حزبێك لە ٣١ی ئابدا بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی لەشکری سەدامی هێنابێتە سەر کەرامەتی نەتەوەیی کورد، دەبێ چەند سروشتی بێت کە هەمان حزب تەزویر و ئامرازی نادیمۆکراتییانەی تر بەکاربهێنێت بۆ مانەوەی خۆی لە هەمان ئەو دەسەڵاتەدا؟

سبەی: وەك رای شەخسی بەرێزتان ئەگەر بە هەر شێوەیەك لە شێوەكان بارزانی خۆی كاندید كردەوە بۆ سەرۆكی هەرێم پێتان وایە ئەم جارە لە بەرامبەر كاندیدێكی هاوبەشی ئۆپۆزیسیۆندا چارەنووسی چی لێدێت؟

د. بورهان یاسین: مرۆڤ دەتوانێ بە ئاسانی بڵێ كە یەكێك لە جیاوازییە هەرە پێشچاوەكانی ئەم هەڵبژاردنانە بە ئەگەری زۆر مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم دەبێت. لە جارانی پێشودا ئەلتەرنەتیڤێكی بەهێز لە ئۆپۆزیسیۆنێكی رێكخراو بە كاندیدێكی بە هێزەوە نەبووە بۆ ئەوەی خەڵك دەنگی پێبدات. هەرچەندە لە هەڵبژاردنەكانی ٢٠٠٩دا ئەو دەنگانەی كە د كەمال میراودەلی هێنای كە كەم یا زۆر ٢٥%ی دەنگەكان بوو، كۆمەڵێك هێمای زۆر گرنگی بەخشی و چەند شتێكیشی جختكردەوە، كە یەكێك لەوانە تێكشكاندنی ئەو ئەفسانەیەی پارتی بوو كە گوایە هیچ كەسێك و بژاردەیەك ناتوانێ ركابەری لەگەڵ مەسعود بارزانیدا بكات.

بە بڕوای خۆم كۆمەڵێك شت هەن وا دەكەن كە مرۆڤ بۆ ئەو باوەڕە بڕوات كە كاندیدی ئۆپۆزیسۆن دەرفەتێكی گەورەی لەبەردەمە نەك هەر بۆ هێنانی دەنگێكی زۆر بەرامبەر بە بارزانی بەڵكو سەركەوتووش بێت لە بردنەوەی پێگەی سەرۆكایەتی هەرێم لە هەڵبژاردنەكان. هەرچەندە ئەمە بابەتێكی هەستیارە و من ناخوازم باس لە هەموو وردەكارییەكانی مەرج و پێداویستەكان بۆ سەركەوتنی كاندیدی ئۆپۆزیسیۆن بكەم، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ بە ئاسانی بڵێ كە بۆ یەكەم جار دەرفەتێكی راستەقینە هەیە بۆ بردنەوەی هەڵبژاردن لە مەسعود بارزانی. توكمەیی ئۆپۆزیسیۆن، كە بە تایبەتی ئەو توكمەییە وەك ئەلتەرناتیڤ، توانیویەتی دڵنیاییبوون و متمانەی بەشێكی باش لە خەڵكی كوردستان بەدەست بهێنێت وە هەروەها دابەزینی یەكێتی بە لیستی سەربەخۆ دوو شتی پۆزەتیڤن لەم ئاراستەیەدا. هەرچەندە ناكرێ لە ئێستاوە بزانین ئەندامان و لایەنگرانی یەكێتی لە هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم چۆن دەنگ دەدەن، بەڵام دەكرێ ئەوە بڵێین كە كەسایەتی كاندیدی ئۆپۆزیسیۆن دەتوانێ رۆڵێكی گرنگ ببینێت لە یەكلاكردنەوەی بەشێكی زۆری دەنگەكانی لایەنگران و ئەندامانی یەكێتی بە قازانجی خۆی. هەڵبەتە شتێك كە ئاسانكاری بكات بۆ ئەوەی جەماوەری یەكێتی بە ئازادییەكی زۆرتر دەنگ بدەن ئەوەیە كە یەكێتی خۆی رزگار بكات لەو وەهمەی كە لە داهاتودا وا بە ئاسانی دەتوانێ كورسی سەرۆك كۆماری، بە تایبەتی دوای مام جەلال، بەدەست بهێنێت. روونتر بیڵێین: چیتر یەكێتی وا بە ئاسانی و بەو ئۆتۆماتیكیەتە كورسی سەرۆكی هەرێم نادات بە پارتی چونكە لە بەرامبەردا پارتی یارمەتی یەكێتی دەدات بۆ بەدەستهێنانی

**فیدراڵی بەو مانایەی كە لە دەستوری عیراقدا هاتوە خاوێكی ترە بۆ ئۆتۆنۆمی و زیاتر نە.**

كورسی سەرۆك كۆماری! ئازادبوون لە وەهمێكی تریش ئەویش بەدەستهێنانی پێگەی جێگری سەرۆكی هەرێمە بە كۆمەڵێك دەسەڵاتی راستەقینەوە كە كەمێك كەمتر بن لە هی سەرۆكی هەرێم وە لە غیابی سەرۆكی هەرێم هەمان دەسەڵاتی هەبن پێداویستیەكی ترە. لە راستیدا لە ماوەی ٨ ساڵی رابردوودا بەو شێوەیەی كە سەرۆكی هەرێم مامەڵەی لەگەڵ جێگری خۆی (كۆسرەت رەسوڵ)دا كردوە نەك هەر بەرجەستەكردنی كۆمەڵێك دەسەڵاتی گرنگ و راستەقینە نەبووە لە پێگەی ئەو جێگرەدا بەڵكو رێك بە پێچەوانەوە، تا كراوە لە رێگەی *بێدەسەڵاتی* ئەو جێگرەوە سەرۆكی هەرێم و پارتی بەردەوام بێرێزی بەو جێگرە و بە یەكێتی كردوە! پێویستە ئەمرۆ بەر لە هەر كەس و لایەنێك یەكێتییەكان خۆیان لە جێگری سەرۆكی هەرێم (كۆسرەت رەسوڵ) بپرسن ئایا ئەم جێگرە چەندە ئاگاداری وردەكاری و ئەگێندای ئەو سەردانەی دوایی سەرۆكی هەرێمە بۆ روسیا و كۆبوونەوەی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی توركیادا؟ لە راستیدا ئازادبوونی یەكێتی لەم دوو وەهمە و بگرە لە هەندێ وەهمی تریش دەتوانێ یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی یەكێتی لە پێگەیەكی بە هێزترەوە بەرامبەر بە پارتی رەفتار بكات وە جیهانبینییەكەی لە جیهانبینییەكی زۆر ناواقیعبینانەوە بكات بە جیهانبینیەكی واقیعبینانە بۆ ئەوەی دواجار

ئەم جیهانبینیەش بکات بە بنەمای سیاسەتێکی زۆر جیاواز لەوەی کە تا ئێستا پەیڕەو و پیادەی  کردوە.

سبەی: ئەی بۆچونتان سەبارەت بە ئاستی جەماوەری بزوتنەوەی گۆڕان و چارەنووسی ئەم هێزە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتودا چۆنە؟

د. بورهان یاسین: نایشارمەوە کە کەم یا زۆر ساڵێك بەر لە ئێستا هەندێك نیگەران بووم لەوەی دەسەڵات خەریکە لەوە سەرکەوتوو بێت لە کردنی بزاڤی گۆڕان بە هێزێکی سیاسی نۆرماڵ (ئاسایی و ناجیاواز)، بزووتنەوەیەك کە رەنگ و سیمای سیاسی کاڵ و بێرەنگبووبێتەوە. بەڵام دواتر ئەو بزاڤە پیشانیدا کە ناخوازێ وە ئامادەش نیە ببێ بە ژمارەیەکی نۆرماڵ لە هاوکێشەی سیاسیدا. لە راستیدا لە ماوەی دواییدا ئەو بزاڤە نەك هەر توانی هەوڵەکانی دەسەلات لە نۆرماڵکردنی تێکبشکێنێ بەڵکو بە رادەیەکی زۆر جیاوازییەکانیشی جختبکاتەوە و ئەو جیاوازییانەش بۆ خەڵکیشی بە جوانی روونبکاتەوە. دەشتوانین بە ئاسانی بڵێین کە میدیاکانی خەملێنراو لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ ئەو بزاڤە بە تایبەتی کەناڵی (ك ن ن) و ژوورەکان بە تایبەتی ژووری ئابووری رۆلێکی یەکجار گرنگیان بینیوە لە جختکردنەوەی ئەو راستییەی کە بزاڤی گۆران هێزێکی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی جیاواز (موتەمەییز)ە و بگرە ئەلتەرنەتیڤێکی جددیشە بۆ دەسەڵات. خۆرێکخستنی ئەو بزاڤە لە ماوەی رابردوودا رۆلێکی گرنگی هەبووە لە توکمەکردنی ریزەکانی ئەو بزاڤە. جگە لەوەش شتێك کە رۆلێکی گرنگی بینیوە لە زێدەبوونی جەماوەری هەرسێ هێزی ئۆپۆزیسیۆن ئەوە بووە کە ئەم هێزانە بەردەوام گرەویان داوە بە کاری هاوبەش، هەرچەندە دەسەلات لە لای خۆیەوە هەموو هەوڵێکی داوە بۆ پەرتەوازەکردن و تێکدانی یەکڕیزی ئەو هێزانە. پەیامێکی گرنگ بێ پەناوپێچ لە لایەن رەمزە هەرە گرنگەکانی ئۆپۆزیسۆن ئەوە بووە کە بە روونی جختیان کردۆتەوە کە شتێك نیە بە ناوی ئۆپۆزیسیۆنی سیکولار (عەلمانی) لە لایەك وە ئیسلامی (یا دینی) لە لایەکی ترەوە؛ بەڵکو یەك دانە ئۆپۆزیسیۆن هەیە.

دەرەنجام لەوەی کە گوترا، وەك خاڵی لێوەدەرچوون، مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کە بۆ هەڵبژاردنی داهاتو بزاڤی گۆران بە ئەگەری یەکجار زۆر نەك هەر ئاستی دەنگەکانی، کە لە هەڵبژاردنی ۲۰۰۹دا بەدەستیهێنا، دەپارێزی بەڵکو بگرە زۆریش زیاددەکات.

سبەی: لەم رۆژانەدا نەوشیروان مستەفا پەردەی لەسەر هەندێك حەقیقەتی مێژوویی هەڵدایەوە ئەویش چارەنووسی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان بوو کە تالەبانی لەبەر پۆستی سەرۆك کۆماری و بارزانیش لەبەر تێکنەچوونی هاوسەنگی حزبەکەی لە هەرێم. جەنابتان چۆن لە بۆچوونەکانی نەوشیروان مستەفا دەڕوانن، کە پێم وایە بەرێزیشتان پێش چەند ساڵێك بەر لە ئێستا ئاماژەتان بەوە دابوو کە وەرگرتنی پۆستی سەرۆك کۆمار بێ زەریبەی گەورە نیە؟

د. بورهان یاسین: بە باوەڕی خۆم وتارەکانی رێکخەری گشتی بزاڤی گۆڕان، نەوشیروان مستەفا، لە کۆنفرانسەکانی ئەو بزاڤەدا لە رۆژانی دواییدا بە تایبەتی ئاماژەکانی دەربارەی هەولێر و ناوچەی بادینان و ناوچە دابڕاوەکان ئاماژە و هێمای زۆر گرنگیان تیا بوو. لە راستیدا دەبوایە هەر لە سەرەتادا ئەم هێمایانە دەربارەی ستراتیژی گۆڕان بە راشکاوی بگەیەندرانەتە خەڵکی کوردستان. بە تایبەتی کە بەردەوام گومراییەك لەسەر ناوچەییبوونی بزاڤی گۆڕان هەبووە.

قسەکانی نەوشیروان مستەفا دەربارەی ئەوەی کە دواخستنی چارەسەری ناوچەدابڕاوەکان باجێك بوو کورد دای بۆ بەدەستهێنای کورسی سەرۆك کۆماری ئاماژەیەکی ترسناك بوو. بەڵام بە بارێکی تردا بۆ خۆم ئەوە نەك هەر شتێکی نوێ نەبوو بەڵکو زۆریش پێشبینیکراو بوو. بەندە بەر لە هەشت ساڵ پرسیارێکی گرنگم وروژاندوە لە بابەتێکمدا بە ناوی "هەڵبژاردنەکانی عیراق و پۆستی سەرۆك کۆماری

له گۆشەبینینی دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقەوە" کە لە ٢٠٠٥/٥/١دا بڵاوکراوەتەوە وە دواتر لە کتێبێکمدا بە ناوی "*عیراقی دوای سەدام و چارەنووسی باشوری کوردستان*" (لاپەرە ١٢١-١٥٣). پرسیارەکەش رێك ئەوها بوو "ئایا کورد وەکو گەل لە چوارچێوەی عیراقدا دەبێ باجێکی سیاسی و ستراتیژی چەندە گەورە بداتە لایەنی عەرەبی لە عیراق بۆ ئەوەی ئەم لایەنی عەرەبییە قەبووڵ بکات کە کوردێك ببێ بە سەرۆك کۆماری ئەو وڵاتەی کە خۆیان بە وڵاتێکی عەرەبی لە قەڵەم دەدەن و قەبوڵیش ناکەن ئەو ناسنامەیەی بگۆردرێ؟" (تکایە بروانە لاپەرەی ١٣١ لە پەرتوکی ناوبراو). دەکرێ بە شێوەیەك لە شێوەکان قسەکەی نەوشیروان مستەفا وەکو وەڵامێکی بێ پێچ و پەنای ئەم پرسیارە تەماشا بکرێ و تێگەیشتنی بۆ بکرێ. گەر حەز بکەی بڵێی قسەکانی نەوشیروان مستەفا پشتراستکردنەوەی ئەو گومان و مەترسیەیە کە خۆی لە قوڵایی فکری پرسیارەکەدا حەشارداوە. لە راستیدا نەك هەر ئەم پرسیارە بەڵکو کە وتارە ناوبراوەکەم دەخوێنیتەوە تەماشا دەکەی بەندە لە سەر و بەری پرۆسەی لکاندنەوەی باشوری کوردستان بە دەولەتی عیراقەوە بە ترس و گومانێکی زۆرەوە لە تەواوی پرۆسە سیاسییەکە دەروانم نەك هەر لە مەسەلەی ناوچەدابراوەکان. نەوشیروان مستەفا لە وتارەکەیدا ئەو چارەسەریەی کە لە ماددەی ١٤٠ی دەستوری عیراقیدا هاتووە بە هی بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ چواند. بەڵام بە بۆچوونی خۆم سەروبەری تەرتیبە فیدرالیەکان لە دەستووری عیراقدا، تا ئەو جێگەیەی پەیوەندی بە چارەسەری تەواوی کێشەی کوردەوە هەیە، دیوێکی تری تەواوی بەیانی ١١ی ئادارن. بەم مانایەش ئەو خاڵەی کە من بەردەوام جختم لەسەر کردۆتەوە ئەوە بووە کە فیدراڵی بەو مانایەی کە لە دەستوری عیراقدا هاتوە ناوێکی ترە بۆ ئۆتۆنۆمی و زیاتر نە. نەك هەر ئەوە لە لێکۆڵینەوە و قسەو باسەکانی پێشومدا ئەوەم جختکردۆتەوە کە ئەم فیدراڵیە لە هەندێکیش لە ئۆتۆنۆمییەکانی دونیا لاوازترە. لە راستیدا هەر لەو بابەتەی کە لە سەرەوە ناوی برا بۆچوونێکی پێشتری خۆمم جختکردۆتەوە کە ئەویش گومانێکی خۆم بووە لە سەروبەری مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کورد وە شێوازی چارەسەرکردنی بە رێگای لکاندنەوەی باشوری کوردستان بە عیراقەوە کاتێك دەڵێم "خەڵکی کورد لە باشوری کوردستان بەشداریان کرد لە دامەزراندنەوەی دەوڵەتێك کە دواجار بچن داوای مافەکانیان لە هەمان دەوڵەت بکەن!" (بروانە لاپەرە ١٢١ لە هەمان پەرتوك) وا دەزانم ئەم دەربرینە بە شێوەیەکی پوخت نەك هەر کێشەی ناوچە دابراوەکان بەڵکو تەواوی کێشەکانی کورد لەگەڵ بەغدا وە شێوەی چارەسەرکردنیان کۆدەکاتەوە. جێگەی خۆیەتی هەر لێرەدا خوێنەر ئاگادار بکەمەوە کە من لە دوو نامەی بە دوای یەکتردا بۆ حکومەتەکانی پارتی و یەکێتی (لە ٢٠٠٣/٤/١٠ وە ٢٠٠٣/٤/١١دا) واتە راستەوخۆ دوای کەوتنی رژێمی سەدام، ئەو دوو حکومەتەم لە سیناریۆیی دامەزراندنەوەی سەرلەنوێی دەوڵەتێك و دواتر "پارانەوە" لە هەمان دەوڵەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی، خسۆتە روو. (تکایە بۆ بینینی دەقی هەردوو نامەکە بروانە پاشکۆی هەمان پەرتوکی ناوبرا).

www.burhanyassin.com
burhanyassin@hotmail.com